### بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو

# پێویستە بیرکردنەوەی پیاو بەرامبەر بەئافرەت بگۆڕدرێت

**بەشێک لە خانمانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرەڕای هەوڵ و بزاڤی جۆراوجۆر لە پێناوی دەستەبەرکردنی یەکسانی رەگەزی، کەچی لە پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی و دروستکردنی بڕیاردا هێشتا نەگەیشتوونەتە ئاستێکی شیاو، هێما بۆ ئەوەش دەکەن کە بەپێی یاسا هەندێک دەرفەت بۆ مومارسەی مافەکانی ئافرەتان دیاری کراوە، نموونەش بە سیستمی کۆتا دەهێننەوە، بەڵام هاوکات ئەو رەخنەیەش ئاراستەی حزبەکان دەکەن بەوەی کە وەکوو پێویست لە بواری دروستکردنی بڕیاردا ئاوڕیان لە ئافرەتان نەداوەتەوە. چالاکانی یەکسانیخواز پێداگری لەسەر توانا و کارامەیی ئافرەتان دەکەنەوە، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان بە کوردستانیشەوە پێویستە بیرکردنەوەی پیاو بەرامبەر بە ژن بگۆڕێت. هەر لەو بارەیەوە بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان را و سەنجی تایبەت بە خۆیان هەیە.**

سەرەتا حەیات مەجید ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، باسی زەرووەتی تێکەڵکردنی عەقڵییەتی ئافرەت و پیاو دەکات و جیاوازی لە بیرکردنەوەشیاندا بە «سیستەمێکی زۆر سروشتی» هەژمار دەکات، هاوکات دەڵێت: «زۆر سروشتییە کە ئەم دوو عاقڵە جیاواز بن، لە بەر ئەوەی زۆربەی شتەکانی ئەم دوو خوڵقێنەرە جیاوازی هەیە، بەتایبەتی لە رووی فسیۆلۆجی و تەنانەت لە رووی توانا و بیرکردنەوەشدا، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە کە ئەم دوو رەگەزی نێر و مێ، یان ژن و پیاوە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان تەواوکەری یەکترن و پێویستە خاڵی هاوبەش و خاڵی بە یەوەکەوە گرێدان لە گەڵ یەکتردا بەرجەستە بکەین و بایەخی زیاتری پێبدەین. ئەم هەڵسوکەوت کردنەش وا دەکات کە بەردەوام بە دوای گەشەسەندنی ژیان و دروستکردنی جۆرێکی زۆر شیاوی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانماندا بگەڕێین، ئەوەش دەبێتە هۆی پاشگەزبوونەوە لە هەندێ راوبۆچوون و عەقڵییەتی خۆسەپێن کە مافەکانی بەرامبەر پێشێل دەکات، واتە دەبێت کار بۆ ئەوە بکەین کە هەر دوو رەگەز بتوانن بە شێوەیەکی هاوبەش و پێکەوە لە یەك ماڵ لە یەك شوێنی کار و لە یەك کۆمەڵگە و وڵاتدا بە سەرکەوتوویی ببنە تەواوکەری یەکتر و پێکەوە هەنگاوەکانی پێشکەوتن هەڵبگرن.»

سامان عومەر شارەزای ئاسایشی نەتەوەییە و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «خێزان یەکەی یەکەمی کۆمەڵگە




**حەیات مەجید :**

**ئەم دوو رەگەزی نێر و مێ، یان ژن و پیاوە سەرەڕای هەموو جیاوازییەکان تەواوکەری یەکترن و پێویستە خاڵی هاوبەش و خاڵی بە یەوەکەوە گرێدان لە گەڵ یەکتردا بەرجەستە بکەین و بایەخی زیاتری پێبدەین**

پێکدەهێنێت، کە پێکهاتووە لە ژن و پیاو و منداڵ، هەموویان بە یەکەوە پێوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە، ئەمەش لە دەرئەنجامی پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت، کە دەبنە خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش.» گوتیشی: «سیستەمی خێزان لە کومەڵگەدا پێوەندییەکی چڕ و پڕی بە بیر و باوەڕ و دابونەریت و مێژووی کۆمەڵگەکە و سیستەمی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئابووری و پەروەردە و دادگا هەیە. ئەمانە هەموو سەرچاوەن بۆ بە سیستەمکردنی خێزان، لەسەر ئەمەش تەواوی خوێندنەوەی کۆمەڵایەتی وایە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی و خێزان پێویستی بە بەرپرسیاریی هاوبەش هەیە و ئەرکی دەستەبەرکردنی ئەو ئاسایشە خێزانی و کۆمەڵایەتییە لە سەر شانی هەر دوو رەگەزی کۆمەڵگەیە، چونکە لەناوچوونی خێزان دەبێتە هۆی لە ناوچوونی پرەنسیپ و پیرۆزییەکانی ناو هەر کۆمەڵگەیەك، بە کۆن و تازەیەوە .» گوتیشی: «هەموو دەوڵەتێك ئەرکی سەر شانیەتی کە بە یاسا و رێساکان پێوەندی نێوان هاووڵاتی و دەوڵەت دروست بکات و پیاو و ژنیش لە چوارچێوەیەکی لۆژیکی و عەقڵانی و هاوبەشدا رێك بخات. لەسەر رێکخستنی پێوەندیی پیاو و ژنیش دەبێ سەرچاوەی یاسا و رێساکان هەمان ئەو سەرچاوە ناسیارە بن کە سیستەمی خێزان پێکدەهێنن. چونکە بە یاسا و رێساکان پیاو و ژن و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە ماف و ئەرك وئازادیی خۆیان دەگەن. بۆیە نابێت هیچ کاتێك هیچ لایەنێکیان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی لایەنەکەی دیکە دروست بکەن.» سەبارەت بەوەش کە چۆن دەتوانین بیرکردنەوەی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت و مافەکانی بگۆڕین، ئەم چەند خاڵەی دەستنیشان کرد:

- دەوڵەت پێویستە بە یاسا پشتیوانی لە ژن بکات و پارێزەری هەموو مافەکانی بێت، (لە رووی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، شارستانی و ...تاد). لە بەر ئەوەی هەر کاتێك پیاو توندوتیژی بەرامبەر بە ژن بکات، راستەوخۆ بدرێتە دادگا و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت .
- باوەڕ و متمانەکردن بە دەوڵەت و تەعدیلی داب ونەریتی کۆن و برەودان بە رۆشنبیری و سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و پەروەردە، کە پیاو لەو چەمکانە تێبگەیەندرێت، بۆ ئەوەی بزانێت ئاسایشی ژن هێڵی سوورە و نابێت توندوتیژی بەرامبەر بکرێت.
- هۆشیارکردنەوەی پیاو لەوەی کە ژن بەشێکی کاریگەرە لە نێو پرۆسەی بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خێزان، کۆمەڵگە و تەنانەت بونیادی نەتەوەییدا .
- چۆن پیاوان بە مافی خۆیانی دەزانن کە دەبێ خاوەن ماف بن بە هەموو جۆرەکان، پێویستە هەمان بیرکردنەوەشیان بۆ ژن و مافەکانی هەبێت.
- پێویستە پیاو لەو ئەرکە مەزنەی پەروەردەکردنی منداڵ لەلایەن دایکەوە تێبگەیەندرێ، بۆ ئەوەی لەو بوارەشدا هەستی هاوکاری هەبێت و بە ئەرکی هاوبەشی بزانێت .
- کەناڵە جەماوەرییەکان بە رێگەی وۆرك شۆپ،سیمینار،کەمپین، هەوڵ بدەن پێناسەی ماف، ئەرك و ئازادی هەر تاکێك لە ناو کۆمەڵگەدا بکەن و واقیعێك دروست بکەن، تاکو پیاو رێز لە ژن بگرێت و دوای هاوسەرگیری وەکو خزمەتکار و کۆیلەیەك لێی نەڕوانێت، بەلکۆ وەك خاوەن ماف و شایانی رێز و خوشەویستی وەك هاوبەشێك قبووڵی بکات.

لە لای خۆیەوە نەرمین سندی بەڕێوەبەری رادیۆی هێلین ـی سەربە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان سەبارەت بە هەمان پرس گوتی: «لە ئێستادا و بە بەراورد لەگەڵ چەند ساڵێك لەمەو پێش هەست دەکرێ بیرکردنەوەی پیاو بەرامبەر بە ئافرەت و تواناکانی کارکردنی ئافرەت کرانەوەیەکی بە خۆیەوە بینیوە، بێگومان ئەم کرانەوەش وەك هەر پێشکەوتن و تێگەیشتنێك لە سەرخۆ و بە ئاسایی قوناغەکانی بڕیوە و چاوەڕێ دەکرێ بە تێپەڕبوونی کات باشتر و زیاتریش بەرەو پێش بچێت و پێشکەوتنی زیاتری کۆمەڵگەی لێ بکەوێتەوە. هەر ئەم پێشکەوتنەشە کە تێگەیشتنی رەگەزی بەرامبەر ئاسانتر دەکات بۆ قبووڵکردنی پێشڤەچوون و بەشداریکردنی زیاتری ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکانی کار و تێکەڵبوونیان لەگەڵ کومەڵگە.» گوتیشی: «ئەوەی ئێستا جێی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ئافرەت لە سەرجەم بوارەکاندا کار دەکات و هیچ بوارێك بە فەرمی بە روویدا داناخرێ، بەڵام ئەوەش دەمێنێتەوە سەر ئەوەی کە خۆی تاچەند دەتوانێت تواناکانی بۆ بەرامبەر بسەلمێنێت. ئەوەش زۆر گرنگە کە تا چەند رەگەزی بەرامبەر و هاوڕەگەزی خودی ئافرەت کوسپی لە بەردەم دانانێن، بێگومان ئەمە پاش تێپەڕکردنی قوناغی کۆسپەکانی نێوماڵ، یان نێو خێزانی خۆی. لە لایەکی دیکەوە بۆ دروستکردن و ئامادەکردنی نەوەیەك کە باشتر و کراوەتر لەگەڵ ئەم بابەتە مامەڵە بکات. واتە پێویستە لە چەندین لاوە کار لەسەر دەستەبەری یەکسانی رەگەزی بکرێت و بەرنامە و پلانی بۆ دابڕێژرێت، بە شێوەیەك کە هیچ بەرکەوتنێك دروست نەکات و لە مەودای نزیکدا بەشداریی وەك یەکی عەقڵی ژن و پیاو پێکەوە گرێ بدات، ئەمەش بێگومان پێویستی بە دیراسەکردن و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە هەیە، تا بتوانرێ پلان و بەرنامەی پوختی بۆ دابڕێژدرێ، بە جۆرێك کە گشت بوارەکان بگرێتەوە. بۆیە سیستەمی پەروەردە و ئینجا میدیا و رێکخراوەکانی حکوومی و مەدەنی و خودی خێزان دەبێت تاك وا ئاراستە بکەن کە بگاتە ئەو قەناعەتەی کە بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو پێویستە عەقڵی پیاو تێکەڵ بە عەقڵی ئافرەت بکرێت.»



**نەرمین سندی :**
**پێویستە لە چەندین لاوە کار لەسەر دەستەبەری یەکسانی رەگەزی بکرێت و بەرنامە و پلانی بۆ دابڕێژرێت، بە شێوەیەک کە هیچ بەرکەوتنێک دروست نەکات و لە مەودای نزیکدا بەشداریی وەک یەکی عەقڵی ژن و پیاو پێکەوە گرێ بدات**



**سامان عومەر :**
**بە یاسا و رێساکان پیاو و ژن و هەموو تاکەکانی کۆمەڵگە بە ماف و ئەرک وئازادیی خۆیان دەگەن. بۆیە نابێت هیچ کاتێک هیچ لایەنێکیان مەترسی بۆ سەر ئاسایشی لایەنەکەی دیکە دروست بکەن**

# داوا دەکرێ لە رێگەی چالاکی هونەری و وەرزشی منداڵان لە شەقـامەکان دووربخرێنەوە



پـەروەردە و وەبەرهێنـان یەکێک لە پایە بنەڕەتییەکانی گەشەسەندنی هەر وڵاتێکە و لە کـوێ وەکو پێویسـت بایەخی پێ نـەدرێ و پلانی بۆ دانەنرێ، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە تووشی دەیان نەهامەتی دەکاتـەوە. بێگومـان لە کاتی پشـووی هاوینـەدا منداڵ و مێردمنـداڵ و گەنـج کاتێکـی زۆریان لەبەردەسـتە و زۆربەشـیان نازانن چۆن لە دەرفەتە سـوود وەربگرن، بۆیە بە پێویسـت دەزانرێ حکومـەت و خێزان پێکەوە بەرچاوڕوونی و ئاسانکاری بۆ ئەوە نەوەیە بکەن، بۆ ئەوەی بە شـێوەیەکی تەندروست و زانستی لە رەوتی گەشـەکردندا، خاوەنـی خـەون و ئـاوات و ئامانـج بـن و بتوانـن لـە داهێنـان و وەبەرهێنانـدا رۆڵێکی کاریگەریان هەبێ. ئەگەرچی دیاردەی منداڵانی سـەر شـەقام لە هەرێمی کوردستان بەشێکی زۆری بۆ لەخۆ گرتنـی پتر لـە دوو ملیۆن ئـاوارەی شـەڕ دەگەڕێتەوە، بەڵام منداڵانی سـەر شـەقام کە لە زێدی خۆیانن و خەڵکی باشووری کوردستانن، بەتایبەتی لەکاتی پشووی هاوینەدا ژمارەیـان کـەم نییـە، ئـەوەش لەوانەیە داهاتـووی ئەو منالانـە رووبەڕووی مەترسـی بکاتەوە. هـەر لەو بارەیەوە بەشـداربووانی ئەم راپۆرتـەی گوڵان را و سـەرنجی خۆیان و رێکارگەلێـک دەخەنـەڕوو، کـە دەکـرێ تـاک و خێزان و حکومەتیش ئاوڕی جدی لێبدەنەوە.

■ گوڵان: کۆمەڵایەتی

■ پێویستە لە وەرزی هاوین شوێنی یاری و خولی جۆراوجۆر و تایبەت بە حەز و پێداویستی منداڵ بکرێتەوە، ئەو خانەوادانەش کە هەژارن، پێویستە حکومەت بیمەیەکی شایستەیان بۆ دابین بکات

■ رێکخراوەکانی بواری منداڵان لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای مرۆیی و شارەزایی و ئەو توانا ماددییەی کە هەیانە، توانیویانە خزمەت بە رەوشی منداڵان بکەن

رێکخراوی یونیسێف (unicef)ـی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەپێی دوایین پێناسەیان کە لە ساڵی ١٩٨٦ دانراوە، بەمجۆرە باسی منداڵانی سەر شەقامی کردووە: «منداڵی شەقام (چ نێر، چ مێ)، ئەو منداڵەیە کە شەقام و ناوبازاڕی کردۆتە شوێنی حەوانەوە و ژیانی، بە بێ ئەوەی مەرجەکانی چاودێری، بەرگری، سەرپەرشتی کەسانی لەخۆ گەورەتریان هەبێت و لە بەپرسیارێتی و چاودێرییەوە دوورن.» نەتەوە یەکگرتووەکان پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە تەمەنی منداڵانی شەقام لە نێوان (٤ تا ١٧)ساڵییە و بەپێی ئاماری گشتی جیهانی زیاتر لە (١٥٠) ملیۆن منداڵ سەرەڕۆی شەقامەکانن، لە هەرێمی کوردستانیش بە تایبەت لە پشووی هاویندا رێژەیەکی زۆر لە منداڵان لەسەر شەقامەکان کاردەکەن، پسپۆڕانی بواری پەروەردەش جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بە کردنەوەی خولی هاوینە گەشەکردنی منداڵان مسۆگەر بکرێ و لە شەقام دووربخرێنەوە.

عیسا بۆتانی، رۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری راگەیاندنی پەروەردەی خەبات، دەڵێت: «بواری پەروەردە گرێدراوی تێکڕای کایە و لایەنەکانی دیکەی ژیانی کۆمەڵگەیە، بۆیە لە ئەمڕۆدا قسەکردن لەسەر ئەوەی کەوا بۆچی لە بری ئەوەی منداڵان لە جادە و شەقام و تەنانەت لە بازاڕی کارکردنیشدا ببیندرێن، بە شتی بەسوود سەرقاڵ ناکرێن، شتێکی پێویستە و دەبێت بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت. سەبارەت بە پشووی هاوینەی قوتابییانیش گوتی: «ناکرێ کردنەوەی خول و زاندۆر و خیوەتگەی هاوینە و دەیان بزاڤ و جموجووڵی دیکەی هونەری و وەرزشی و وێژەیی و زانستی و.. تاد کەمبایەخ و فەرامۆشکراو بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە پشتڕاستییەوە نەك لە وەرزی هاوین کە دەرگای قوتابخانەکان دادەخرێن، بەڵکو تەنانەت لە وەرزی خوێندنیشدا بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە هەرێمی کوردستان تێیکەوتووە و هەروەها کەمکردنەوەی بودجەی ئەو بەشانەی پەروەردەکان کە تایبەتمەندن بە بایەخدان بەو بزاڤانە، ئەوا لەچاو ساڵانی پێشوو کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە. نەك وەکو رەشبینیی و نائومێدییەك، بەڵام لە راستیدا لە دۆخی نائاسایی چاوەڕێ ناکرێ شتەکان بە ئاسایی بە ڕێڕەوی خۆیاندا رێچکە بگرن و هەمیشە بوونی قەیران ئاریشەی خراپ و نەخوازراو بەدوای خۆیدا دەهێنێت و بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئەمڕۆ زۆرتر کاریگەری کردۆتەوە سەر تەشەنەکردنی دیاردەی سواڵکردن و کارکردنی منداڵان و فەرامۆشکردنی خولە هاوینییەکان و راهێنانی قوتابییان لەسەر سوودوەرگرتن لە کاتی بەتاڵیی لە وەرزی هاویندا، ئەوەیە کە بەداخەوە لە مێژینەوە لە کوردستان و وڵاتانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوینیشدا هەر کە وشەی پەروەردە دێت، بیری مرۆڤەکان بۆ دەزگا و بەڕێوەبەرایەتی و سازییە حکوومیەکاندا دەچێت کە پەیوەستن بە بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیکردنی خوێندن و فێرکردن لە قوتابخانەکان، هێنانەوەی ئەو نموونەیە دەکرێ ببێتە دەریچەیەك بۆ کەمکردنەوەی ئاسەواری قەیرانی ئابووری لەسەر قوتابیان لە بابەتێکی وەهادا، بۆیە پێویستە لەمەودوا چیتر پەروەردە تەنیا ئەرکی فەرمانگەیەك نەبێت و خێزانەکان ببنە هاوبەش و جێگرەوە و رۆڵی خۆیان لە پێگەیاندن و لە ئامێزگرتن و بگرە تەنانەت لە فێرکردنی رۆڵەکانیانیشدا ببینن، لە وەرزی هاویندا دەبێ خێزانەکان بە تەنگ پەرەپێدان بە خولیا و ئارەزووی منداڵەکانیانەوە بێن. لەبەر ئەوەی هەموو تاکێك ئاگاداری دۆخی حکوومەتە لە دابینکردنی پاڵپشتێکی دارایی بۆ پڕکردنەوەی ئەو پێویستییانەدا، لە راستیدا ئەو دۆخە کاریگەری بەسەر خێزانەکانیشەوە هەبووە، بەڵام دەبێ لە رەوشێکی وەهادا دایك و باوك لە ماڵەوە رۆڵی پەروەردەکار و مامۆستا ببینن و منداڵەکانیان لە جادە و کۆڵان دوور بخەنەوە و هەر نەبێت بە خوێندنەوەی چیرۆك و هەڵبەستی منداڵانە و جاروباریش روویان بۆ وەرزشێکی بەسوود وەرگێڕن. لە کۆتاییدا دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لەکۆی ئەزموونی پەروەردەیی هەموو وڵاتانی جیهان، یەك لە ئامانجەکانی فێرکردن بریتییە لە دروستکردن و پێگەیاندنی تاك و ناردنیانە بۆ بازاڕی کارکردن، بەو واتایەی کە هەموو تاکێك پێویستە هەڵگری پیشەیەك بێت، ئەوجا چ دارتاش، سەرتاش، یان هەر پیشەیەکی دیکە، بەڵام لێرەدا ئەوەی کێشەی هەرێمەکەمانی قوڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کە قوتابی تەنیا بۆ دامەزراندن و دانیشتن لەسەر کورسی فەرمانگەیەك دەخوێنێت، وڵات چەندە پێویستی بە مۆزیسیان و وەرزشوان و پزیشك هەیە، ئەوەندە و بگرە زیاتریش پێویستی بە کرێکار و فیتەر هەیە، بۆیە هیچ نەنگییەك لەوەدا نییە کە رۆڵەکان لە ژێر چاودێری باوانیان و بە شێوەیەکی تەندروست لە پیشەیەك رابهێندرێن و وەرزی هاوین بۆ ئەو مەبەستەش بەکار بێت و هەروەها قوتابخانەکانیش لەمەودوا جەخت لە سەر ئەو خاڵە بکەنەوە.»

شیلان بیبانی شارەزا لە بواری ئابووری، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە تەمەنی کارکردن بە پێی یاسای کارکردنی جیهانی دەبێت لە نێوان ١٦- ٦٠ساڵ بێت، واتە منداڵ بەدوورە لە کارکردن، بەڵام لە ماوەی ئەم دوو ساڵەدا کە بارگرانیی ژیان زیاتر باڵی کێشاوە بە سەر خێزانەکاندا، دەبینین هەندێ خێزان پێداویستی ژیانیان لەسەر ئەوەیە کە منداڵانیان بخەنە بەرکار.



جەختی لەوەش کردەوە کە «بە زۆر کارپێکردنی منداڵ، یاخود سواڵپێکردنیان دەچێتە قاڵبی توندوتیژی و دژایەتی مافی مرۆڤەوە.» سەبارەت بە هۆکاری دیاریدەی منداڵانی سەر شەقامیش گوتی: «خراپی باری ئابووریی کوردستان بە پلەی یەکەم و دووەم بێکاری و سەرقاڵنەبوونی منداڵ بە خول و جێگەی تایبەت بۆ چالاکیی منداڵان لە وەرزی هاوین هۆکاری سەرکین.»

شیلان بیبانی پەروەردەکردنی منداڵ لە بنەڕەتدا بە ئەرکی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە دەزانێت و دەڵێت: «ئەگەر بێتو هەندێ خول، یا چالاکی بۆ

**زۆرجار لە وڵاتانی ئەورووپی منداڵان پەروەردە دەکرێن لەسەر کاری خێرخوازی و هاوکاری، کەواتە منداڵیش دەتوانێ کاربکات، بەڵام کارێک کە لەگەڵ تەمەن و توانای جەستەیدا بگونجێ**

**ئەرکی پەروەردەیە خولی زۆر بکاتەوە بۆ منداڵان و لانیکەم هۆشیاریان بکاتەوە و چالاکی سازبدات و رۆحی خێرخوازی لە ناخیان گەورە بکات، هەروەها دەتوانرێت منداڵان فێری دروستکردنی کاڵایەک بکەن و دواتر بیانفرۆشن لە رێگەی کردنەوەی پیشانگا، ئەمەش وەک بنەمایەکە بو فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی کەسایەتی بەرهەمهێن بن**

**هیچ نەنگییەک لەوەدا نییە کە رۆڵەکان لە ژێر چاودێری باوانیان و بە شێوەیەکی تەندروست لە پیشەیەک رابهێندرێن و وەرزی هاوین بۆ ئەو مەبەستەش بەکار بێت و هەروەها قوتابخانەکانیش لەمەودوا جەخت لە سەر ئەو خاڵە بکەنەوە**

منداڵان بە خۆڕایی دابینبکرێت، ئەمە لە لایەك هاندەرە بۆ بەرەوپێشبردنی ئاستی رۆشنبیری منداڵان و لەلایەکی دیکەوە دوورخستنەوەیانە لە بازاڕ و شەقام و ئەو جێگایانەی کە بۆ منداڵان نەشیاون.» گوتیشی: «زۆرجار لە وڵاتانی ئەورووپی منداڵان پەروەردە دەکرێن لەسەر کاری خێرخوازی و هاوکاری، کەواتە منداڵیش دەتوانێ کاربکات، بەڵام کارێك کە لەگەڵ تەمەن و توانای جەستەیدا بگونجێ. ئەرکی پەروەردەیە خولی زۆر بکاتەوە بۆ منداڵان و لانیکەم هۆشیاریان بکاتەوە و چالاکی سازبدات و رۆحی خێرخوازی لە ناخیان گەورە بکات، هەروەها دەتوانرێت منداڵان فێری دروستکردنی کاڵایەك بکەن و دواتر بیانفرۆشن لە رێگەی کردنەوەی پیشانگا، ئەمەش وەك بنەمایەکە بو فێرکردنی نەوەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی کەسایەتی بەرهەمهێن بن.»

بۆتان عەبدولڕەحمان، چالاکی بواری پەروەردەی منداڵانە و باسی ئەوە دەکات کە کارکردنی منداڵان یەکێکە لەو گرفتانەی زۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن و یەکێکە لە گرفتە گەورەکان لە زۆربەی وەرزەکان و بەتایبەتیش لە وەرزی هاوین کە رێژەیەکی زۆری منداڵان روو لە کارکردن دەکەن، یان لەلایەن خانەوادەکانیانەوە کاریان پێ دەکرێت، بەبێ گوێدانە ئاستی تەمەن و توانا و هێزی جەستەیی و مەترسی لە زیانی کارکردن لەسەر منداڵان لەدوارۆژدا، گوتیشی: «لە بەندەکانی رێککەوتننامەی مافەکانی منداڵاندا هاتووە کارکردنی منداڵان لە خوار تەمەنی ١٥ ساڵی بە هەموو شێوەیەك قەدەغەیە، هەروەها بە پێی یاسای کاری عێراقیش منداڵانی خوار تەمەنی ١٥ ساڵ بەهیچ شێوەیەك نابێت کار بکەن.» وەکو چالاکێکی بواری مافەکانی منداڵانیش کە ئەزموونێکی هەیە لەسەر کەیسی منداڵانی ئیشکەری سەرشەقام، کارکردنیانی بۆ ئەم هۆکارانە گەڕاندەوە:

١- چاولێکەری خانەوادەکان بەوەی دەڵێن با منداڵەکەمان دەست و پێ سپی دەرنەچێت.

٢- کەلتووری کۆمەڵگەی کوردی و ناهۆشیاری خێزانەکان لە بەرامبەر منداڵان.

٣- زۆرجار قوتابخانە نابێتە شوێنی حەز و خواست و شوێنی خۆشەویستی بۆ بەشێك لە منداڵان، شێوازی مامەڵەی بەشێك لە مامۆستاکان لەگەڵ هەندێك لەو قوتابیانەی لەخوێندن سەرکەوتوو نین، باش نییە، ئەمەش وادەکات منداڵان خوێندن و قوتابخانە جێ بهێڵن و روو بکەنە کارکردن. ئەگینا هیچ منداڵێك حەز بە کارکردن ناکات، چونکە دنیای منداڵی یاری و بە سەربردنی کاتەکانییەتی لەو شوێنەی حەز و خواستەکانی لێیەتی، منداڵان لە شوێنی کارکردن تووشی دەستدرێژی و مامەڵەی خراپ و توندوتیژی و ئیستیغلال و هەروەها فێڵ و قسەی نەشیاو دەبن، چونکە شوێنەکە لە تەمەنی منداڵی خۆیان گەورەترەو وەکو گەورەکانیش مامەڵە دەکەن کە دنیایەکی جیاوازە لە دنیای خۆیان، ئەمەش پێشێلکارییەکی زەقی مافەکانی منداڵانە و پێویستە لە رێگەی یاساوە سزای ئەو کەسانە بدرێت کە منداڵان دەخەنە بەرکارکردن و هەروەها پێویستە لە وەرزی هاوین شوێنی یاری و خولی جۆراوجۆر و تایبەت بە حەز و پێداویستی منداڵ بکرێتەوە، ئەو خانەوادانەش کە هەژارن، پێویستە حکومەت بیمەیەکی شایستەیان بۆ دابین بکات.» گوتیشی: «منداڵان رێژەیەکی زۆری کۆمەڵگە پێکدەهێنن، رێکخراوەکانی بواری منداڵانیش لە شارەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی توانای مرۆیی و شارەزایی و ئەو توانا ماددییەی کە هەیانە، توانیویانە خزمەت بە رەوشی منداڵان بکەن، بەڵام بە حەقیقەت ئەمەش تەنیا ئەرکی رێکخراوەکان نییە، بەڵکو دەبێت حکومەت و دەزگاکانی راگەیاندن و قوتابخانە و مزگەوت و کۆمەڵگە و خانەوادە و کەسایەتییەکان بەهەموو لایەکمان کار بۆ دنیای منداڵان بکەین تا کۆمەڵگەیەکی تەندروست و خۆشبەخت و کامەرانمان هەبێت. دەبێت منداڵانمان بکەینە ئەولەویاتی کارەکانمان، کاتەکانمان بۆ منداڵانمان تەرخان بکەین و لە پرۆگرامی تەلەفزیۆنی و بەرنامەکاندا رەچاوی منداڵان بکەین تا لە دوارۆژدا تووشی بەرپرسیاریەتی نەبین، هەروەها دەبێت حکومەتیش لەلای خۆیەوە گرنگی زیاتر بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە قوناغی باخچەی ساوایان و بنەڕەتی بدات، بۆ ئەوەی بناغەی کەسایەتی و بوونی تاکی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی تەندروست دابڕێژرێت، ئەمانە زۆر گرنگن بۆ دروستبوونی تاکێکی تەندروست و هۆشیار و رۆشنبیر لە ئایندە کە سوودی بۆ خۆی و کۆمەڵگەکەشی دەبێت.»

لە لای خۆیەوە شۆڕش غەفووری گوتەبێژی وەزارەتی پەروەردە، تایبەت بۆ گوڵان گوتی: «هەر وەك ئاشکرایە بە هۆی ئەو قەیرانە داراییەی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە، وەزارەتی پەروەردە وەك تێکڕای وەزارەتەکانی تر بە قۆناغێکی سەختی بێ پارەیی تێدەپەڕێ، ئەو قەیرانەش دەست و پێی بەستاوینەتەوە، واتە بەهۆی نەبوونی بودجەیەکی تایبەت زۆربەی پڕۆژەکانمان وەستاون، لە کاتێکدا خوازیارین زۆرترین خزمەت پێشکەش بکەین، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بۆ ئەمساڵ وەزارەتی پەروەردە لەگەڵ سێ کۆمپانیای گەورە پڕۆژەیان داوەتە بەشی پلاندانانی وەزارەت لە رێگەی پارەی خۆبەخشەکان کە بڕیارە ١٠٠ قوتابخانە بگرنەخۆیان بۆ ئەوەی لە ماوەی پشووی هاوینی ئەمساڵ چالاکی هونەری و وەرزشی بۆ قوتابیان ئەنجام بدەن، ئەویش لە رێگەی دوو شیفت شیفتی بەیانیان و شیفتی ئێوارە بۆئەوەی زۆرترین قوتابی تێیدا بەشدار و سوودمەند بێت، هاوکات ئەو پڕۆژەیە لە ئاست داخوازی و تمووحی وەزارەتی پەروەردەدا نییە، هەر بۆیە لە ئێستادا وەزارەت لە گفتوگۆدایە و بە دوای کۆمپانیا و رێکخراوی دیکەدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی تەواوی منداڵانی کوردستان بکەونە ناو ئەو پرۆسەی پەروەردەکردن و هونەری و وەرزشییە کە لە پشووی هاوینان ئەنجام دەدرێت.»



# روونکردنەوە

لە ژمارە (١٠٨١) لە( ٤) تەمموزی ساڵی ٢٠١٦ بابەتیك لاپەڕەی کۆمەڵایەتی بەناوی ئافرەتانی هەڵەبجە داوای کردنەوەی نوسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ژی ئافرەتان دەکەن .
سەبارەت بەم پرسە وەکو بەڕێوەبەرایەتی پلان دانان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان . بەرچاو روونیەك دەخەینە بەر دیدی خوێنەران کەوا پلانی ساڵی ٢٠١٤ پاش دەرچوونی بڕیاری بە پارێزگابوونی هەڵەبجە پلانی ئەوەمان دانا بە کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتیەك لەم پارێزگایە. لەم رووەشەوە گوژمەی تایبەت و پێداویستی کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی لە رووی میلاکاتەوە ئامادەکراوە، بەڵام بە هۆی بڕینی بودجە لەلایەن حکومەتی عیراقەوە. بۆ کردنەوی بەرێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندتیژی دژی ئافرەتان لە پارێزگای هەڵەبجە چاوەڕوانی دابین کردنی بودجەین .

**ئەمەل میکائیل**
**بەڕێوەبەری پلان دانان**

